# گفتوگۆی رادیۆیی دەشتی جمال

## لەگەل هەردوو رادیوی 5 لایف و رادیویBBC بەشی ئاسیا لە لەلەندەن

**شەوی پینج شەمە 25-1 رادیوی 5 لایف لە بەرامبەرکێ یەکی رادیویدا بۆ (دەشتي جەمال) بەرپرسی رێکخراوی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستي کرێکاری عیراق وە (جەبار ئەمین) یەکیك لەچاودیرو بەرپرسی ناوەندەکانی هەڵ بژاردن لە بەریتانیا .**

دەشتی جەمال لەم چاوپێکەوتنەدا رای گەیاند (ئێمە ناچین و بایکۆتی ئەم هەڵ بژاردنە دەکەین ،ئەمە ناتوانرێ بەهەڵ بژاردنێکی ئازادانە ناوببرێ ،(سیناریۆیەکی گاڵتە جارانەیە ) فەرزکردنی حکومەتیکە کە ئایندەی خەڵکی عیراق وکوردستان لەنیو شەری قەومی و عەشیرەتی و مەزهەبێ رووبەرووەدەکات ،سیرکەن عیراق بۆتە گەورەترین مەڵبەندی تیرۆریستی و شەری تیرۆریزمی دەولەتی و غەیرە دەولەتی کە کوچەو کۆلان وسەرشەقامیك نیە خەڵکی عیراق ئازادانە بتوانن پیا هاتووچۆبکەن ئەوەی مانای ئەمنیت و ئازادی و دابینکردنی خواستەکانی خەڵکی عیراق بیت ووجودی نی یە ،بیّ ئاوی و بیّ کارەبای و نەبوونی پیداویستی سەرەتایەکانی تر خەڵکی عیراقی لە دژوارترین بارودۆخ دا راگرتووە ، ئاخر خەڵکی عیراق دەنگ بدەن بەکێ؟ ئەوانەی لەرێگای داگیرکاری ئەمریکاوە بەدەسەلات گەیشتوون ودەیانەویت فەرزی بکەن بەسەر خەڵکدا؟ ،ئەوانەی دەیانەویت شەریعەتی ئیسلامی بگێرنەوەی وە خەڵکی عیراق بگێرنەوەی بۆ سەردەمی کۆنەکانو ،نیوەی کۆمەڵگای عیراق کە ژنە بێ حقوق بکەن؟ ، سازدانەوە و دامەزراندنی دەولەت بەم رێگای ئیستای ئەمریکاو هیزە قەومی و ئیسلامی یەکان هیچ بەرژەوەندی خەڵکی عیراقی تیا نی یە وئەم گاڵتە جاری یەی ئیستاش شەرعیت دانەویە بەوەی کەئیستا هەیە لەعیراقدا ،بەم هۆیەوە ئێمە بانگەوازمان بۆ هەموو خەڵکی عیراق و کوردستان ئەوەیە بەشداری نەکەن.

<u>رادیو دەپرسی بەو مانایە ئێوە چۆن دەتانەویت ژیانی خەڵك بگۆرن لەعیرقدا</u>

ئەمرۆ کاتی ئەوەهاتووە لەپاڵ خەڵکی عیراقدا رابوەستین وەك دەورەی پێشو بۆ کۆتای هینان بەو سیناریوو رەشەی ئیستا ،بۆ کردنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەعیراق کە سەرچاوەی موسیبەتو کیشەکانو گیرانەوەی مەدەنیت بۆ کۆمەڵگای عیراق ونان و ئەمنیت و ئازادی و دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار لەعیراقدا ،دەولەتێ پێچەوانەی پرۆژەی ئەمریکا دابەش کردنی خەڵکی عیراق بە(شیعەو سونە کورد) دەولەتیکی سکولار غەیرەقەومی و غەیرەدینی کە ماف هاولاتی یەکسانی تیا دەستە بەربیت نەك دابەش بکرێ کە دوا رۆژی تەسیلم بەشەریکی خۆیناوی بکات وەك ئەوەی لە یوغسلافیا لەنیوان کراوتی و بۆرسنەو ولایەنەکانی تردا رووی دا .. ئێمە خەریکین رێکخراوەیەك رادەگەیەنین بۆ گیرانەوەی مەدەنیت بۆ خەڵکی عیراق کە هەموو خەڵکی عیراق و رێکخراو حیزبو لایەنێك دەتوانێ تیا بەشداری بکات بۆ ئایندەیەکی ئینسانی بۆ خەڵکی عیراق لەم رێگەویەوە داوا لەتەواوی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا ورێکخراوی حیزب و یەکتی کرێکاریەکان دەکەم لەپاڵ خەباتی خەڵکی عیراق رابوەست بۆ کۆتای هینان بەداگیر کاری وگیرانەوەی مەدەنیت بۆ خەڵکی عیراق ،من پێم وایە خەڵکی عیراق تەنها نی یە ،با رێگا بدرێ خەڵکی عیراق خۆیان بریار بدەن.........

<u>هەروا رادیوی بی بی سی بەشی ئاسیا</u> کە لەگەل دەشتی جمالو نۆینەری یو ئێن و چەند کەسایەتی تر گفتوگۆی کرد، راستەخۆ چەند پرسیاری لەسەر ئەم هەڵ بژاردنە ئاراستە کردن

دەشتی جەمال لەسەر بایکۆت کردنی ئەم هەڵ بژا1ردنەوە و باردۆخی ئیستای عیراق و کوردستان قسە کرد ،داوا کرد کە پشتیوانی لەخەڵکی عیراق کوردستان بکەن و لەخۆپێشاندانی 30–1 لەبەردەم ناوەندەکانی هەڵ بژاردن بەشداری بکەن لە پێناوی ئایندەیەکی انسانی بۆ خەڵکی عیراق و کوردستان .